# دیناسورەکان مەلەوان بوون

دایکی ژالیا

کۆ مه ڵێك

له زانایانی بایۆلۆژی جەختیان لەوەکرد ئەو شوێن پێ کۆنانەی دیناسۆرەکان کەلەم دواییەدا دۆزراونەتەوە بەڵگەی بەهێزمان پێدەبەخشن کەهەندێك جۆری دیناسۆر توانای مەلەکردنیان هەبووە.

زاناکان لە زنجیرەی کارەکانیاندا بۆیان دەرکەوتووە ئەو شوێنەی کە شوێنەواری پێی دیناسۆرەکانی لێ دۆزراوەتەوە کە درێژییەکەی نزیکەی پانزە مەتر دەبێت ، هەندێك وردەکاری گەشتێکی دوورودرێژی یەکێك لەو گیانەوەرانەی لەو کاتەدا ژیاون ئاشکرا دەکات هەروەها هێڵی رۆیشتنیشیان لەناو حەوزی کامیرۆن لە ئیسپانیا دۆزراونەتەوە کەئەوکاتە دەریاچەیەکی گەورە بووە.

شوێن پێ ئاشکراوەکان کە شێوەی پیتی (S) ی ئینگلیزییان هەیە ئاماژە دەدەن کەئەو ئاو گیانەوەرەی ئەو شوێنەوارەی جێهێشتووە بە پێیەکانی بەسەر ماددە نیشتەنییەکانی ناو بنکەی دەریاچەکەدا رۆیشتوون کاتێك لەناو ئاوەکەدا مەلەیان کردووەو قووڵی ئەو ئاوەش نزیکەی سێ مەتر بووە.

تیمی زاناکان کە پوختەی توێژینەوەکەیان لە گۆڤاری جیۆلۆجیدا بڵاوکردەوە ئاماژەیان داوە بە مێژووی ئەو شوێن پێیانە کەبۆنزیکەی 125 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە واتە بۆ سەردەمی «تەباشیری زوو».

هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە شوێنەوارەکان بۆ شوێن پێی دیناسۆرێکی گەورەی گۆشتخۆر دەگەڕێتەوە کەبەپێ رۆیشتووە.

د. لویس کوستیور لە زانکۆی نانت لەفەرەنسا کەیەکێکە لەبەشدارانی توێژینەوەکە لەمبارەیەوە، دەڵێت: بەر لەسێ بۆ چوار ساڵ ئەم شوێن پێیانەمان دۆزییەوە.. حەوزی کانمیرۆن شوێن پێی هەزارەها دیناسۆری جیاوازی تیادایە، بەڵام کاتێك ئەم شوێنەوارانەمان بینی دڵنیابووین لەوەی ئەو دیناسۆرانە توانای مەلەکردنیان هەبووە».

دیناسۆرەکان بە منداڵی زاوزێیان کردووە:

لەلایەکی دیکەوە زانایانی شوێنەوارناسی ئەمریکی بۆیاندەرکەوت دیناسۆرەکان زۆر بەخێرایی گەشەیان کردووەو توانیویانە لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە زاوزێ بکەن واتە پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی پێگەیشتن.

هەرچەندە دیناسۆرەکان لە بنەڕەتدا لە سولالەی خشۆکەکانن و پەرەیان سەندووە و بوون بە سولالەی باڵندە، بەڵام بە خێرایی گەشەیان کردووە لەتەمەنێکی بچووکدا توانای زاوزێیان هەبووە وەك شیردەرەکانی ئەم سەردەمە، زاناکان لە زانکۆی کالیفۆرنیا شانەی دروستکەری هێلکەیان لەدوو مێی دیناسۆردا دۆزیوەتەوە. هەروەها ئێسکە مۆخی دەوڵەمەند بە کالیسیۆمیان لەناو ئێسکی دووقاچی گەورەدا دۆزیوەتەوە کەبۆ دوو دیناسۆری مێ دەگەڕێتەوە یەکێکیان گۆشتخۆر بووە « ئالسوروس» و ئەوی دیکەشیان رووەکخۆر بووە « تینونتوسوروس».

سارەویرنینج و ئاندرولی لە زانکۆی بیرکلی لەکالیفۆرنیائەڵقەکانی گەشەیان لەناو ئێسکی دوو دیناسۆردا دۆزیوەتەوە کەتەمەنیان هەشت ساڵ و دەساڵ بووەو ئەمەش تەمەنێکی زۆربچووکە بە نیسبەت دیناسورەکانەوە کەتا نزیکەی تەمەنی سی ساڵی ژیاون.

هەروەها زاناکان ئێسکە مۆخیان لە مێیەی جۆری « تیرانوسوروس ریکس» دا دۆزیوەتەوەو تەمەنەکەیان بەهەژدە ساڵ خەملاندووە.

ویرنینج دەڵێت: « بەختمان هەبوو ئەم بەبەردبووانەمان ، دۆزییەوە، چونکەئێسکە مۆخ تەنیا لەماوەی سێ بۆ چوار هەفتەدا هەیە لەو مێیانەی کەگەیشتونەتە تەمەنی پێگەیشتن، لەبەرئەوە پێویستە بە شوێن ئێسکی زیاتردا بگەڕێین بۆئەوەی زانیاری وردترمان دەربارەی مێیەی دیناسورەکان و توانای زاوزێیان و پەیوەندییان بەتەمەنیانەوە،بدۆزینەوە».

ئاماژەکانی گەشە:

ئەڵقەکانی گەشە ئەو رێگەیە دەخاتەروو کەئەم گیانەوەرانە چۆن گەشەیان کردووە. دیناسورەکان زۆر بەخێرایی گەورەبوون، خێراتر لەو گەشەیەی کە خشۆکەکان لەم سەردەمەی ئێستادا دەیکەن، هەروەها بۆماوەیەکی دیاریکراو ژیاون بەرلەوەی ببنە نێچیری گیانەوەرانی دیکە.

لەبەرئەوە پێگەیشتنی توخمی زوو زۆر گرنگ بووە بۆئەوەی زامنی مانەوەی جۆرەکەیان بکەن و لەفەوتان بیانپارێزن.

ئەم دۆزینەوەیە پشتیوانی لەو بیرۆکەیە دەکات کەدەڵێت دیناسورەکان لەباڵندەوە نزیکتربوون وەك لە خشۆك. هەروەها ئاماژەدەدات بە ستراتیژی زۆربوونی باڵندەکان لەم سەردەمەدا کەزۆرکۆنەو بۆنزیکەی 200 ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە کەدیناسۆرەکان پەرەیان سەندووە تیایدا.

**سەرچاوە:** ملحق العلمي لمجلة العربي
ژمارە 38 ی ساڵی 2008